# ئافرەتان داوای بەشداری لەڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەدا دەکەن



گوڵان: کۆمەڵایەتی



دەست و مەچەکی ئافرەتی کورد لە دێرزەمانەوە بەچەکی خەبات لە پێناوی بەرگری لە خاك و رزگاریی نەتەوەیی لە بندەستی ئاشنا بووە، لە ئێستاشدا کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی مەترسی بووەتەوە، لە دوای پەیامەکەی سەرۆك بارزانی کە بڕیاریان دا پێشمەرگە لە دۆخی بەرگری بێینەدەر و هەتا دوایین هەناسە شەڕی تیرۆریستان بکەن، ئافرەتانیش قۆڵی خۆیان لێ هەڵماڵییەوە و وێڕای ڕێزگرتن لەو بڕیارە، داوای کاری بەپەلە بۆ دروستکردنی لەشکری ئافرەتان دەکەن و هاوکات ئامادەیی خۆیشیان بۆ ئامادەبوون لە بەرەکانی شەڕی دژی تیرۆریستاندا دەردەبڕن.

هێرۆ سەید کاکە:

**هەر لە منداڵییەوە هەموو جۆرە چەکێکم ناسیوە و باوکم فێری بەکارهێنانی چەکی کردووم و ئامادەم لەپێناو سەربەرزیی گەل و نیشتمان بچمە بەرەکانی شەڕ**

دڵشاد مستەفا وەسانی:

**ئێستا ئافرەت لە زۆر بواردا ڕۆڵی بەرچاوی هەیەو توانیویەتی بگاتە سەرکردایەتی حزبەکان و ئاستی وەزارەت و زۆر پلەو پۆستی دیکەش، دەکرێ لە بواری سەربازیشدا سوودی لێوەربگیرێ**

سروە جەلال:

**دوو کوڕم پێشمەرگەن لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕدان، خۆم و باوکی منداڵان و کچەکانیشم ئامادەین لە پێناوی کوردستاندا چەک هەڵبگرین**

## بڕیارمان دا لە دۆخی بەرگری بێینەدەر و هەتا دوایین هەناسە شەڕی تیرۆریستان بکەین

دوابەدوای پەیامەکەی سەرۆک بارزانی، جگە لە هێرشە دوژمن شکێنەکانی هێزەکانی پێشمەرگە، خەڵکی سڤیلیش بە هەردوو ڕەگەزەوە ئامادەیی خۆیان بۆ شەڕی دژ بە تیرۆریستان دەربڕی و ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەری کوردستان بە چەك و فیشەکی خۆیانەوە لە بەرەکانی شەڕدا ئامادەبوون. هەر لەو پەیوەندییەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانی کورد دووپاتیان کردەوە کە پێویستە حکومەتی هەرێم لەهێزی ئافرەت و پێکهێنانی لەشکری ئافرەتان بە مەبەستی بەرگریکردن لەخاکی وڵات و هاریکاریکردنی پێشمەرگەکان لەبەرەکانی جەنگ سوود وەربگرێ. بەتایبەت لەم دۆخە هەستیارەدا کە هەرێمی کوردستان لە دانانی بەردی بناغەی بە خاوەن دەوڵەتبوون نزیك دەبێتەوە، ئافرەتانیش بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە خۆیان بۆ شکاندنی کۆسپەکان تەیار دەکەن.

## ئامادەین وەك لەشکری ئافرەتان یارمەتی برا پێشمەرگەکانمان بدەین

سروە جەلال ئافرەتێکی تەمەن ٤٦ ساڵەو دایکی دوو پێشمەرگەیە کە هەردووکیان لە بەرەکانی شەڕدان. ئەو بە حیماسەتەوە دەڵێت: «من دوو کوڕم پێشمەرگەن لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕدان، خۆم و باوکی منداڵان و کچەکانیشم ئامادەین لە پێناوی کوردستاندا چەك هەڵبگرین، بە گیان و ماڵ بەرگری لە خاکی خۆمان دەکەین و تەنیا چاوەڕوانی فەرمانی سەرۆك بارزانی دەکەین».

نازدار ڕەسوول عەلی، ئافرەتێکی فەرمانبەرە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «میللەتی کورد دوژمنی زۆرە و هەر ڕۆژەو بە رووخسارێك دەردەکەون، تا دوێنێ بەعس بوو، دواتر سوپای مالیکی هەڕەشەی ئەکرد و ئێستاش داعش دەیەوێ شەڕی کوردان بکات، بەڵام هەموو دنیا باش دەزانێ ئێمەی کورد بە درێژایی مێژوو ئافرەتمان شانبەشانی پیاوان لە خەبات و بەرگریدا بووە، ئێستاش ئامادەین وەك لەشکری ئافرەتان یارمەتی برا پێشمەرگەکانمان بدەین».

هێرۆ سەید کاکە کارگێڕی لیژنەی ناوچەی پێشەوا، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئێمەی کورد چەندین جار تووشی شەڕ و ناخۆشی و ئاشووب بووین، بەهۆی ئەوەی کە کەوتووینەتە ناوچەیەکەوە هەمووی بە دوژمن دەورە دراوە، ئەمەش وایکردووە هەمیشە ئافرەتی کورد شان بەشانی مێرد و برا و باوکی پێشمەرگە بێت».

## ئەرکی ئافرەتانە مێژووی پڕسەروەریی خۆیان دووبارە بکەنەوە

هێرۆ کە کچی پێشمەرگەیەکی دێرینی شۆڕشی ئەیلوولە نموونە بە دایکی خۆی دەهێنێتەوە و دەڵێت: «لە تەواوی ئەو ساتانەدا کە باوکم پێشمەرگە بووە، دایکم هاوکار و پاڵپشتی بووە و وەك یەك خەباتکار بوون، زۆر ژنە پێشمەرگەشمان هەبووە کە شان بە شانی پیاوان خەباتی شاخیان کردووە». هێرۆ باس لەوەش دەکات کە «ئەمڕۆ کوردستان ڕووبەرووی زۆر قەیران بۆتەوەو ئەرکی ئافرەتانە مێژووی پڕسەروەری خۆیان دووبارە بکەنەوە و لەگەڵ برایانی پێشمەرگە بەرگری لە خاك و وڵاتی خۆیان بکەن». گوتیشی: «ئافرەتی کورد چەمکی ئازایەتی چەسپاندووە و جگە لەوەی دایکە و منداڵەکانی لەسەر بنەمایەکی نیشتمانپەروەری پەروەردە کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن خزمەت بەگەل و نیشتمانی خۆیان بکەن، خۆیشی هەمیشە ئامادەی بەرەنگاری دوژمنان بووە».

## پێشمەرگە بەرگری لە وڵاتەکەی دەکات، نەك حزبەکەی

هێرۆ داوا دەکات «بە پەلە فەوج و لەشکری پێشمەرگەی ئافرەت دروست بکرێ»، گوتیشی: «من وەك کچی پێشمەرگەیەکی دێرین هەر لە منداڵییەوە هەموو جۆرە چەکێکم ناسیوە و باوکم فێری بەکارهێنانی چەکی کردووم و ئامادەم لەپێناو سەربەرزیی گەل و نیشتمان بچمە بەرەکانی شەڕ».

هێرۆ ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئافرەت دەتوانێت لە چەندین ڕووڕووە وەك پێشمەرگە خەبات بکات، دەتوانێت لە بەرەکانی جەنگ بەشداربێت ، ئەگەر ئافرەتێکیش نەتوانێت چەك بەکاربهێنێت، بە ئامادەکردنی خواردن و دابینکردنی فریاگوزاری سەرەتایی بۆ هێزی پێشمەرگە و بەپێی پسپۆڕی خۆی دەتوانێت خزمەت بەهێزی پێشمەرگە بکات. ئافرەتان دەتوانن لە هەڵمەتەکانی کردنەوەی بنکەکان بۆ بەخشینی خوێن و خوێنبەخشین بە پێشمەرگە بریندارەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت. هەروەها دەکرێ لە ئامادەکردنی خواردن و گەیاندنی فریاگوزاری سەرەتایی بە پێشمەرگە و پێشوازیکردن لەو پەنابەرانەی کە ڕوودەکەنە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە ئێستادا کە سەدان خێزانی ناوچەی شنگار ئاوارەی هەولێر بوون، ڕۆڵی زۆر ببینن».

هێرۆ سەید کاکە لە کۆتایی قسەکانیدا داوادەکات «جەماوەری کوردستان بە هەردوو ڕەگەزەوە بەرەنگاری ئەو پڕوپاگەندە نارەوایانە بکەن کە ڕۆژانە چەندین درۆ و بوختان بۆ شکستی هێزی پێشمەرگە دروست دەکەن و دەیانەوێ دووبەرەکی لە ناو پێشمەرگە دروست بکەن، چونکە لە ئەمڕۆدا پێشمەرگە بەرگری لە وڵاتەکەی دەکات، نەك تەنیا حزبەکەی».

## پێویستە لەشکرێکی تایبەت بە ئافرەتان هەبێت

میدیاکار بێریڤان کەرکووکی، باسی ئەوە دەکات کە ئافرەتی کورد بەدرێژای سەرجەم شۆڕشەکانی کوردستان لە خەباتی پێشمەرگایەتیدا هاوبەش بوون و هەمیشە هەردوو رەگەز لە یەك سەنگەری رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەراندا بە یەك نەفەس لەپێناوی رزگاری کوردستان بەهەموو جۆرێك خەباتیان کردووە و گیانیان بەخت کردووە، گوتیشی: «بێگومان ئافرەتان مافی خۆیانە وەك پیاوان بەرگری لە وڵات بکەن، لە رووی توانای سەربازیشەوە هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئافرەت و پیاودا نییە و هەردووکیان دەتوانن وەك یەك دەست بدەنە چەك و لەیەك سەنگەردا شەڕی دوژمنان بکەن».. بێریڤان باسی لەوەشکرد کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا زۆر پێویستە هێزێکی تایبەت بە ئافرەتان هەبێت و گوتی: «چەندین ئافرەتمان هەیە لە ئاسایش و پۆلیس و پۆستە سەربازییەکاندا کاردەکەن و زۆر سەرکەوتوو، لەم رەوشەی ئێستاشدا زۆر پێویستە لەشکرێکی تایبەت بە ئافرەتان هەبێت بۆ ئەوەی وەك پێشمەرگە بەرگری لە کوردستان بکەن، چونکە ئەو رەوشەی کە کوردستان بە درێژای مێژوو هەیبووە، وایکردووە هەمیشە لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوە هەوڵی سڕینەوەی بدرێ، بۆیە هەمیشە یەکێك لەو ناوچانە بووە کە شوێنی خەبات و شۆڕش و راپەڕین بووە. بەرگریکردن لە خاکی کوردستانیش بەڵام تەنیا پێنج سەد ئافرەت لەهەموو کوردستان خاوەنی مەشقی سەربازین، ئەم رێژەیەش زۆر کەمە و پێویستە بە رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان هانی ئافرەتان بدەن بۆ ئەوەی پەیوەندی بە لەشکری کوردستانەوە بکەن، بۆ ئەوەی لەشکرێکی بەهێزی ئافرەتان و شان بەشانی براکانیان بەرگری لە کوردستان بکەن».

ئەوەشی خستەڕوو کە پێویستە کۆمەڵگە وشیاربکرێتەوە بەرامبەر بەو ئافرەتانەی کە لە پۆستە سەربازییەکاندان، رێزیان لێبگرێت و بە شێوەیەکی دروست و شیاو مامەڵەیەکیان لەگەڵ بکەن، بەداخەوە کۆمەڵگە هەمیشە مامەڵەیەکی نادروستی لەگەڵ ئەو ئافرەتانە کردووە کە لە پۆستە سەربازییەکاندان. ئێستا ئێمە چەندین ئافرەتمان هەیە لە نێو پۆستە سەربازییەکاندا کاردەکەن، هەمانە پلەی بەرزیشی هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەو ئافرەتانە وەك پێویست لەلایەن کۆمەڵگەوە مامەڵەیەکی دروستیان لەگەڵ نەکراوە، ئەمەش وایکردووە کەمتر ئافرەتان روو لە پۆستە سەربازییەکان بکەن، گوتیشی: «هەرکاتێك یەکەم بنکەی ناونووسینی خۆبەخشی ئافرەتان بۆ هێزی پێشمەرگە کرایەوە، من ئامادەم یەکەم کەس بم کە پەیوەندی بەو هێزەوە بکەم».

## دەکرێ توانای ئافرەت وەبەربهێندرێ و لە یەکەجیاکانی هێزی پێشمەرگەدا بخرێتەگەڕ

نووسەرو رۆژنامەنووس دڵشاد مستەفا وەسانی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەگەر سەیری لاپەڕەکانی مێژوو بکەین، دەبینین ئافرەت لە زۆر وێستگەی ژیانی کورددا رۆڵی بەرچاوی هەبووە، تەنانەت رۆڵی رابەرایەتی کردنیشی هەبووە، لە شۆڕشەکانی کوردستانیشدا ئافرەت بەشدار بووە، دەتوانین رۆڵی ئافرەتی گوندەکانی کوردستان لە شۆڕشەکاندا وەك نموونەی بەشداریکردن و خۆڕاگری ببینین، جگە لەوە ئافرەتی کورد لە کاتی خۆڕاگری و رووبەڕووبونەوەدا، توانیویەتی هاوکاری پێشمەرگە بێت، دەکرێ رۆڵی ئافرەتی کورد، رۆڵێکی کارا بێت لە رۆژگاری ئێستاشدا. بەو پێیەی ئێستا ئافرەت لە زۆر بواری دیکەدا رۆڵی بەرچاوی هەیەو توانیویەتی بگاتە سەرکردایەتی حزبەکان و ئاستی وەزارەت و زۆر پلەو پۆستی دیکەش، دەکرێ لە بواری سەربازیشدا، سوودی لێوەربگیرێ، هێزی پێشمەرگە وەك جاران نەماوەو وەك سوپایەك دەبیندرێ، ئاساییە ئافرەت رۆڵی خۆی تیا ببینێ، بەو پێیەی لە تەشکیلات و پێکهاتەکانی سوپاییدا، پێکهاتەو یەکەی جیاواز هەن، دەکرێ توانای ئافرەت، وەبەربهێندرێ و لەو یەکە جیاجیانەی هێزی پێشمەرگەدا بخرێتەگەڕ، بەتایبەتیش ئیدارەدانی هێزی پێشمەرگە کارێکی بەرفراوان و گەورەیەو یەکێك لە لایەنە هەرە گرینگەکانی سەرکەوتنی پێشمەرگەیە، بۆیە دەکرێ دوای مەشقکردن، بەسەر یەکەکاندا دابەش بکرێن، بەتایبەتیش لە بواری بەڕێوەبردندا».

## کورد لە قۆناغی رزگاری یەکجاری نزیك دەبێتەوە

هەر سەبارەت بە هەمان پرس میدیاکار رزگار کۆچەر، رایوایە «ئێستا هەموو گەلی کورد لە شەڕدایە و دەیان دوژمن دەوریان داوە کە کار بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردبوونمان دەکەن، بۆیە پێویستە نەك هەر تەنها پیاوان، بەڵکو ژنانیش لە هێزێکی چەکداری لە سوپای پێشمەرگەدا کۆبکرێنەوە، ئەو ئەزموونەش شتێکی تازە نییە، لەشۆڕشەکانی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان ئافرەت رۆڵی باشیان هەبووە لە بەرگریکردن و هێرشکردنە سەر دوژمن، کاتی ئەوە هاتووە کە میللەتی ئێمە لەوە بگات کە لە قۆناغی رزگاریی یەکجاری نزیك دەبێتەوە، بۆیە هەموو میللەت بە هەردوو رەگەزەوە دەبێت چەکدار بکرێن، بە پێویستیشی دەزانم ئەو هێزە دروست بکرێ تا خوشکانی ئێمەش بە رۆڵی خۆیان هەڵسن و شان بە شانی پیاوان بەرگری لە خاك و وڵاتی خۆیان بکەن».

بێریڤان کەرکووکی:

**لە رووی توانای سەربازییەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئافرەت و پیاودا نییە و هەردووکیان دەتوانن وەک یەک دەست بدەنە چەک و لەیەک سەنگەردا شەڕی دوژمنان بکەن**

رزگار کۆچەر:

**کاتی ئەوە هاتووە کە میللەتی ئێمە لەوە بگات کە لە قۆناغی رزگاری یەکجاری نزیک دەبێتەوە، بۆیە هەموو میللەت بە هەردوو رەگەزەوە دەبێت چەکدار بکرێن**

نازدار رەسووڵ:

**هەموو دنیا باش دەزانێ ئێمەی کورد بە درێژایی مێژوو ئافرەتمان شانبەشانی پیاوان لە خەبات و بەرگریدا بووە، ئێستاش ئامادەین وەک لەشکری ئافرەتان یارمەتی برا پێشمەرگەکانمان بدەین**

# سنەوبەرێک لە خەڵتانی بیانووی نامووسپارێزیدا

لەو کۆمەڵگانەی کە پێکهاتەکەیان سەر بە بونیادێکی پیاوسالارین، زۆر لە پیاوان بە شێوەیەك پەروەردە کراون کە بە چاوی بزێ تەماشای ئافرەتان دەکەن، واتە تێڕوانینی پیاو لەو کۆمەڵگانەدا بۆ ئافرەتان، جگە لەوەی لە هەمان گۆشەنیگای گۆشتنیی مەڕو بزنەکانیانەوە لە ئافرەت دەڕوانرێت بەوەی پێویستە خەپەو گۆشتن بن، هاوکات ئافرەتی بەشوودراو وەك ئامێرێکی زاووزێ کە بەچکەی لێ بکەوێتەوەو بە پێی ژمارەی مناڵەکانی ڕێزی زیاتریان لێ دەنرێت، کاتێك ئافرەتێك تووشی تەڵاقدان دەبێت یان بێوەژن دەکرێت، ئیتر چیتر بە چاوی ئەو ڕێزەی جارانەوە کە پێشتر خێزانداربووە لێی ناڕوانرێت، ئەمەیە بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ئافرەتێك بە ناوی (ك) کە دوای بێوەژن بوونی بە دوو ساڵ، بە تۆمەتی بوونی پەیوەندی لەگەڵ کەسێکدا دەدرێتە بەر گولەی دەمانچە لە لایەن برایەکەیەوە، بە پێی وتەی برا





تاوانبارەکەی، گوایە خوشکەکەی لەگەڵ ئەو میوانەیان کە لە شارێکی ترەوە هاتۆتە ماڵیان و چەند شەوێك لایان ماوەتەوە ڕێککەوتون و درەنگانی شەوێکیان لە ناندینەکە پێکەوەبوون، ئەم کارەش جگە لە خۆی، کەس ئەم کارەی خوشکەکەی و میوانەکەی ماڵیانی نەدیوە، ئەمیش تا بە دەمانچەوە گەیشتۆتە سەر سەریان، میوانەکەیان بە هەڵەداوان تێیتەقاندووەو ڕایکردووە، خوشکەکەشی کەوتۆتە بەر لولەی دەمانچەکەیەوەو لە تورەییاندا پێکاوێتی،..

باوکی ئافرەتە کوژراوەکە لە وتەکانی خۆیدا کە بۆ بنکەی پۆلیسی درکاندووە، ئەوەی تێدا ڕوونکردۆتەوە کە پێش ماوەیەك گەنجێکی کەمدەرامەتی بێکاری ناسیاویان، بە مەبەستی دۆزینەوەی کارو پارەپەیداکردن، هاتۆتە شارەکەیان و ئەمیش وەك کوڕی خۆی داڵدەی داوەو هێناویەتیە ماڵەوەو بە کاتیی تا کارو شوێنی حەوانەوە دەدۆزێتەوە لای خۆیان گلی داوەتەوە، تا شەوێکیان لە دەنگی تەق و توقی دەمانچە بە خەبەرهاتووە، کاتێك بەرەو پیری شوێنی تەقەکردنەکە ڕۆیشتووە، کچەکەی خۆی لە خەڵتانی خوێندا چاوپێکەوتووەو ئەمیش بە پەلە فڕاندوویەتی بۆ نەخۆشخانە، بەڵام هەربە گەیشتنیان بۆ ئیمرجینسی و هەر لە گەراجی نەخۆشخانەکەدا ڕۆحی کچەکەی بەسەردەستی ئەمەوە دەرچووەو دوا هەناسەو گیانی سپاردووە، ئەمیش لای خۆیەوە لە بنکەی پۆلیس داوای دەسگیرکردنی ئەو گەنجە دەکات کە ماڵەکەی لێ کاول کردووە..

دایکی ئافرەتە کوژراوەکەش لای خۆیەوە باسی ئەوەی کردووە کە دووساڵێك لەمەوبەر کیژەکەیان لە مێردە ناپاکەکەی جیابۆتەوەو بە یاساش کیژەکەیان لێ جوداکردۆتەوە، ئەو ماوە زۆرەی کە ئەم کیژەیان لە ماڵە باوانیان بووە ئەمان نەیانهێشتووە بە تەنیا بچێتە هیچ شوێنێك و هەمیشە لەژێر چاودێرییاندا بووە، چونکە کیژەکەیان وەك کەسایەتی و سرووشی بیرکردنەوە هێندە شەرمنۆکە بووە، تەنانەت هەر لە منداڵیەوە هەر خۆی تەرکی قوتابخانەشی کردووەو تەنیا بە خزمەتکردنی ماڵە باوانی خۆیەوە خەریك بووە..

بە پێی وتەی بکوژەکەی ئەم ئافرەتە کە دەکاتە برای کوژراو، ئەم تاوانکردنەی دەچێتە خانە دژوارەکەی پرسی شێوازێکی کوشتنەوە کە لە یاسادا ناوی کوشتن لەسەر شەرەفیان بە یەخەدا دابڕیوە، زۆربەی جاران لەو وڵاتانەدا کە بە پێی یاسا سزایان بۆ بکوژی ئەم شێوە تاوانە دانابێت، بە هیچ کلۆجێك پشت بە دادگەی فەرمی نابەسترێت و زۆربەی جارانیش کەسیش داوا لەسەر تۆمەتبار تۆمار ناکات، جاریش هەبووە بە پشتبەستن بە نووسینگە کۆمەڵایەتییەکانی کە حزبەکان دامەزرێنەری بوون، داواکەی دادگایان داخستبێت، کە دواتر هەر بە زیانی مافی قوربانیەکە شکاوەتەوە، هەر بۆیە لە کۆمەڵگە پیاوسالارەکاندا هەمیشە ژمارەی ژنانی لەسەر شەرەف کوژراو لە هەڵکشاندایە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ماوەیەکە تاوانبارە ژنکوژەکە هەر وەك هەر تاوانکارێکی مرۆڤکوژی تر مامەڵەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەدا تا هیچ تاوانێکی خوێنڕشتن بە ناوی شەرەفەوە سپی نەکرێتەوە..

واتا باوکی ئەم کوڕە بکوژەی کە خوشکەکەی خۆی داوەتە بەر گولە بە هیچ شێوەیەك ئەم باوکەی ناتوانێت مەسڵەت چێ بکات، کەواتە ئەو زەمانە گوزەشت کە هەر بابێك یان هەر برایەك یان هەر مێردێك لەسەر کوشتنی کیژەکەیان یان ژنەکەی سزایەکی کەم بدرێن، یان تەنیا بەوەندە بوەستێنرێن لە ناو خێڵدا بێ ئۆرت بکرێن، تەنانەت لە ناو خێڵەکاندا بابی وا هەبووە ئەوەشی لەگەڵ نەکراوەو لەم ڕووەوە شانازی بە تاوانی کوشتنی کیژەکەیەوە کردووە..

ئەم تاوانەش دەچێتە پاڵ هەموو ئەو تاوانانەی کە قوربانی تێیدا تەنیا ئافرەتەکە بووەو پیاوەکەش وەك بەرزەکی بانان قەلفڕی لێ کردووە، دەرکێشانی ڕۆحی مرۆڤێك لە لایەن هەر کەس و بەهەر هەنجەت و بیانویەك بێت نە لای ئاسمان و نە لای یاساکانی سەر زەوی ڕێگەپێدراو نییە، لەبەرئەوە پێویستە یاسا ڕێوشوێنی خۆی وەربگرێت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەروەردەو ڕۆشنبیریش زەمینەسازی بکەن بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە کە لە حاڵەتی وادا پەنا ببرێتە بەر یاسا و بە حیکمەتەوە هەڵسوکەوت بکرێت..